فادیمه ساهیندا، کوشتن و کاردانەوەی کەمەگا ..... ئەلف بروبڕی و لەیف ئیریکسەن

-وەرگێڕانی لە سویدییەوە: نوری کەریم
بڕیقان جەمال حەمەسەعید.....

'فادیمه ساهیندا، کوشتن و کاردانەوەی کەمەگا'، لە نووسینی 'ئەلف بروبڕی و لەیف ئیریکسەن'ـەوە، یەکێکە لەو کەمانە کتێبەی کە لەلایەن ناوەندی هۆشیاریی ئافرەتەوە چاپ دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە.

مەرگی فادیمه، هەر تراجیدیای رەمز و جوڵەتی شکسپیری سەدەی شانزەهەم نییە، کە بە تەنیا ناکۆکی و ناتەبایی نێوان دوو بنەماڵەی چینی جیاوازی لە خۆگرتبێت، کارەساتی ئەو، چیرۆکی دڵتەزێنی ئەو، بەیەک نۆگەیشتنی دوو خۆشەویست نەبوو، بەکو بە شێوەی خوێنکردنی ئەو بە دەستی باوکی لەم سەردەمە نوێیەدا، کارەساتێک بوو لە کەمەگای سوید کەوت و لە سەرتاسەری جیهاندا دەنگی دایەوە. درامای ئەو، چیرۆکی تاکە کەس و بنەماڵەیەک نەبوو، شکۆک بوو سیاسەتمەدارانی سویدی بە خەبەر هێنایەوە، تا دان بەو ڕاستییەدا بنێن، کە بە سەدان کچ و ژنی گەنجی وەکو فادیمە، لەژێر هەڕەشە و مەترسی باوک، برا، مامدان، تا بکوژنە خۆیان و پرسی شەرف بە هێند وەربگرن و لەو پێوەندەدا، چاو بە یاسا و دەسەڵاتەکانیاندا بخشێنەوە. داستانی ئەوینی فادیمە بە کۆمەک لە دەرەوەی بنەماڵە و پەداگری ئەو لەسەر ئەوەی خۆی بەیار لەسەر ژیانی خۆی دەدات، بەشێی لەژێر پێی داب و نەریتی خێڵەکییانەی کوردەواری دەرهێنا و لایەنگرانی هزری پیاوسالاری شەرمەزار کرد. فادیمە، نەک هەر ئەو "سەزانی" نەبوو، وەک ئەوەی باوکی لەکاتی پڵامار و تەقەڵەکردنکەیدا هاواری لەدەکات، بەکو کچێکی ئازاو و بوێر بوو، دەنگێک بوو ببووە هێمای ئازادی و یەکسانی بەبێ لەبەرچاوگرتنی جێندەر، ئایین و نەژاد. لایەنگری تەکەبوون و دژ بە پەراویزخستن بوو. هەر ئەو تاسە و بوێریەی بوو بە ژیان، بووە هۆی لەدەستدانی ژیانی. بەگومان کوشتنی فادیمە لە ئاکامی هەچونکی دەروونی یان دەپیسیەوە نەبوو، بەکو وەک باقی کوشتنە ناموسیەکانی تر، پلاندانەڕاو بوو، کەسوکاری پیەهەساو و کەمانی بڕینی

کوردەواری پشتیوانیان لێکرد.

‘فادیمە ساهیندا، کوشتن و کاردانەوەی کۆمەڵگا’، لە وەرگێڕانی ‘نووری کەریم’ــــە لە زمانی سویدییەوە. ئەم کتێبە یەکێکە لەو زنجیرە کتێبانەی کە وەرگێڕە لەسەر پرسی یەکسانیخوازی ژنان کردوونی بە کوردی، کە بریتین لە: کچانی خوا ــ جەراڵدین بروکس، گوندێک لە بیابانی ئەفریقا ــ واریس دیریە، زیندەسووتێنراو ــ سوعاد، بەبێ کچەکەم، هەرگیز نا ــ بیتی مەحمودی، کچە سەماکەرەکانی لاهور ــ لویس براون و ئافرەت لەژێر کۆفی ئاینەکاندا ــ ئۆفێلیا بێنسۆن و جەریمی ستانگروم. هەموو ئەم کتێبانە لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕدراون و ئاستی بڵاوبوونەوەیان جیهانی بووە.

بە ناساندنی ‘فادیمە ساهیندا، کوشتن و کاردانەوەی کۆمەڵگا’، دڵگەرمەوە بە پێشکەشکردنی کتێبەکە وەرگێڕدراوەکە، کە وەرگێڕە نووسیوێتی.
ڕۆژی بیست و دووی کانوونی دووەمی 2002، بە من وەک هەر ڕۆژێکی ئاسایی وا بوو. بەیانی زوو کاتژمێری شەش چووبووم دەرەوە بە کار و چواری ئێوارەش، خەم گەیاندە قوتابخانەی بنەڕەتی کچەکەم بۆئەوەی لەگەڵ خەم بیبەمەوە ماڵەوە. هەر وەکو ئێوارانی تر، تەلەفیزیۆنم داگیرساند و پێکەوە بە دیار بەرنامەی منداڵانەوە دانیشتین. زەنگی تەلەفون لێیدا، چووم بە وەڵامدانەوە و گفتوگۆ درێژەی کێشا. لەپڕ کچەکەم هاواری لێکردم بچم بۆ لای. ئەوەندەی نەبرد ئێو هات بۆ لام، بۆچاوانی پڕ فرمێسک و قورگی پڕگریانەوە، شتێکی پڕسوتم تێنەگەیشتم. زۆر ترسام و پڕموت چی بووە، دیسانەوە قسەکەی بە دووبارە کردەوە، “فادیمە بەدەستی باوکی کوژراوە”. لەگەڵ ئەوەی هەواڵێکی پڕکارەسات بوو، بەڵام پڕمسەیر بوو، منداڵێکی تەمەن هەشت ساڵە، فادیمە لە کۆنەوە دڵناسێت و بە دەبەت پەیوەندی بە خێی و منەوە هەبێت.

کوشتنی فادیمە ساهیندا، بوو بە هەواڵی یەکەمی تەواوی کەناڵەکانی تەلەفیزیۆنی سوید و پاش هەواڵەکانیش قسەوباس هەر لەسەر ئەم تاوانە بوو. کوشتنی کچێک لەلایەن باوکییەوە، لەپەیوەند بە کێشەیەکی ناموووسیدا، لە ناو کۆمەڵگایەکدا کە مافی مرۆڤ و مرۆڤدۆستی بەهێند وەردەگیرێت و ویستی بەرابەرخوازی لە ئاستێکی بەرزدایە، هێتا بە بڕاورد بە باقی وڵاتانی ئەورووپا، بە کارەساتێکی ئاسایی چاوی لێناکرێت. لەگەڵ ئەوەش فادیمە کەسێکی نەناس نەبوو بە کۆمەڵگاکە، وەک هەزاران قوربانی تری کوشتنی ناموووسی، کە تەنیا ناوێک یان ناو و ونەیەکن ئەگەر ناونیشانکیان

هەبەت. فادیمە خەباتگێڕیکی نەبەزی لەهاتووی سەنگەری پێشەوەی بەرابەرخوازی بوو، دەنگی ناڕازایەتی هەزاران کچی پەنابەر بوو، کە بەدەست دابونەریتی ناموسپەرستییەوە دەناڵێنن. لەدژی ئەم نایەکسانییە، پێ بەدەنگی زوڵمی لەناو پەرلەماندا هاواری کرد، هێشتە بەردەم کامەرای تەلەفیزیۆنەکان، مایکی ئادیۆکانی بەدەستەوە گرت و کەم ڕێژنامە و گۆڤار نەما، چەند لاپەڕەیکی تێیدا ڕەشنەکاتەوە. کوشتنەکەشی ئەم چالاکییانەی بەو پەڕی گەیاند، کاردانەوە بەرامبەر ئەم تراجیدیایە، سنووری سوێدی بڕاند و بوو بە هەواڵێکی جیهانی. فادیمە ئێستا بووە بە سیمبولی ناڕازایەتی و هەموو ساڵێک لە یادی کوشتنیدا، لەگەڵ ناڕازایەتی دەربڕین، ئەم چالاکییانە لە ئاستێکی سەراسەری و باڵاتردا بەڕێوە دەبرێن. لەبەرامبەردا، زەربەی ڕەوانەدی کوردی لە سوید، بەدەستپێشخەری فیدراسیۆنی کەمەڵە کوردیەکان (ڕێکخراوێکی فەرهەنگییە، کە نوێنەران و لایەنگرانی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەکەی کوردستانی تێدایە)، سەرسەختانە دژی ئەم چالاکییانە دەوەستنەوە و بەتایبەتی لە کاتی کوشتنەکیدا، فادیمیان تاوانبار کرد بەوەی پێی لە بەڵای دابونەریتی کوردەواری زێتر ئاکۆشاوە، حەیای کوردی بردووە و ... ئەم کێشمەکێشە تاکو ئیمڕۆ بەردەوامە. چالاکییەکانی فادیمە، کوشتنەکەی و دادگاییەکی کە بەدوایدا هات، کاریگەرییەکی هەمەلایەنەی داناوە لەسەر کەمەگا. ئەگەر لەلایەک ئاستی ئاگاهی و هەوەستی سیاسی لەسەر ئەم کێشەیە بەرز کردەوە، ئەوا لەبەرامبەردا ڕووی ئاستەقینەی دابونەریتی پیاوسالاری لەنەو بەشێکی بەرفراوانی ڕەوەندی کوردیدا هەماڵی و تەکنیکەکی تازەی ژنکوژی هەنایەکایەوە بەناوی 'کچانی باکەنی'1.

دە ساڵ دواتر، کچەکەم چوو بە هەمان کەڵەڕ و هەمان زانکەی فادیمە ساهیندا لە ئوستەرشەند. لە یەکەم ڕۆژی چوونیدا بە کەلیژەکە لەگەڵ باقی خوێنکارانی قبووکراو، لەلایەن ڕاگر و مامۆستایانەوە گشتکیان پێدکرێت بەناو کولێژەکەدا بە ناساندنی. کاتێک کە خەیان دەکەن بە یەکێک لە ساڵانەکانی وانەخوێندندا، ڕاگرەکە ڕوو بە قوتابیان دەڵێت، "ئەمە ئەو ساڵانەیە کە فادیمە ساهیندا دوا وەرزی خوێندنی تێیدا خوێندووە". وەک کچەکەم بۆی گێڕامەوە، "لەپڕ بەدەنگی باڵی کێشا بەسەر هەموواندا، بزە و خەندەی سەر لێوان جێگەی دا بە داخێکی قوڵ، کە لە ڕووخساری هاوپۆلەکانمدا بۆم دەرکەوت، فادیمە لە دڵی هەر هەمووانداکسایەتییەکی نەمرە".

بەبۆنەی هاتنە پێشەوەی یادی دە ساڵەی کوشتنەکەی، هەواڵی داتاشینی پەیکەری فادیمە لەلایەن شارەوانی شاری ئەپسالای نیشینگەی فادیمەوە،

باو بوو. بوو بە هەراوهوریا و دەنگی ناڕازایەتی ناموسڵمانستان بەرز بوو بووەی، "کە دروستکردنی پەیکەر بە کچێکی کوردی کۆڕاو بەدەستی باوکی، مایەی شەرمەزاریە بە ئیمەی کورد". نوێنەرانی شارەوانی هەڵکۆڵەوان وەڵامیان دانەوە، کە "بەڵێ، ئیمە بە ئەلوف پاڵەوان2 پەیکەرمان دروستکردووە و بە فادیمەش دروستی دەکەین. بەڵێ، ئیمە هەواییە بە دابونەریتی ناموسڵمانستی و پارێزەرانی".

لە مەراسیمی پەردەلادان لەسەر پەیکەری فادیمە، لەگەڵ سەدان کەس بەشداریم کرد. گوێم دەگرت لە وتاری وەزیری هاوپەیوەستی بەم بەنەوە، لەپڕ چاوم بە کچێک کەوت کە بەم نائاشنا نەبوو، زەرم لە خەم کرد تا ناسیمەوە، سونگوڵی خوشکی فادیمە بوو، کە نزیک دە ساڵ لەوەپێش دەبوو لە دادگادا بینیبووم، هووبەووو و چاوبەچاو بەرامبەر بکوژی خوشکەکەی، هەحیمی باوکی، لەنەوان پارێزەری بەرگری، کە یەکێک لە نووسەرانی ئەم کتێبە و پارێزەری گشتی دانیشتبوو. تەواو ژاکاو و لە پەلوپۆ کەوتبوو، بەڵام لە گورگێکی بریندارکراو دەچوو، کە بەو پێیەی دەندیەوە پەلامار دەدا، لەدڕی باوکی سەرشکستە شایەتی دەدا. لە قووڵایی دەروونی خەمدا بووم، ژنێک کە تا ئاستێک بە یەکتری ئاشنا بووین و لە کابووندەوەی ژنانەدا بینیبووم، بە چرپە پرسیارێکی لێکردم، "ئاگەر خەڵک لە کوردستاندا، بە هەر قوربانییەکی کوشتنی ناموسی پەیکەرێک دروستبکات، ئاخۆ دەبێت چەند دانە دابتاشێت؟" ماوەیەکی ویست تا وەڵامم دایەوە، "ئەو پێی یەک یان دوو دانە". "مەبەستت ئەوەیە کە لەهەر مەیدان و چواڕێگایەکدا"، ژنە هاوەڵەکەم وتی. " نا، مەبەستم لە هەر چوار پارچەکەی کوردستانە. ئاگەر هاتوو دەسەڵات لە کەمەڵگادا، ژن لە مەیدانەکانی سیاسی و کەمەڵایەتی بەدەر نەکات، هەر هێزێ یاسا و هەسایەک دەرنەکات بە هەشتنەوەی ژێردەستەیی ئافرەتان، شەو و هێز مەلای مزگەوتەکان بڕنەداتە گیانی کچان، بکوژانی کوشتنی ناموسی لەجیاتی دەستخۆشی و بەگژ هەنینەوە بیان، لە چواردیواری زیندانداا حوکمی هەمیشەییان بە دەربکات، خەڵکانێکی وەک ئەمانە دەنە ئاراوە، کە هەر هێزێ بەشەویەک لەبەرامبەر نایەکسانیدا دەوەستنەوە، ئیتر ئەوسا کە دەورەت ژنکوژی بکات".

تەواوی ئەوەی لەردا دەیخوێنیتەوە، کاردانەوەی ناڕازایەتی کەمەڵگای سویدە بەرامبەر بە کوشتنی فادیمە ساهیندا. مەبەستی منیش لە وەرگەڕانی ئەم کتێبە بە سەر زمانی کوردی هەر ئەوەیە، چونکو پەموایە لە کوردستاندا، ئەو خەزانانەی کە دەستیان دەچێتە خوێناوی کچکانیانەوە، زەر دەگمەن، بەڵام زەربەی هەرە زەری

خەڵک، بە قبووڵکردن و ڕەزایەتدان کاردانەوەی خۆیان پیشاندەدەن. لەم پەیوەندەدا، لە ساڵی 2012دا، ماریانە سپانەر لە مەزگردی ئافتەنبلادت دەنووسێت: "فادیمە تا حەز بکەیت، نەبەز و جوان بوو. بەڕێوەبەرایەتی ئابووری خەزانکەی و خزمەکانی خۆی بردبوو. کەسوکاریشی ئەجگار زۆر بوون. لەوانەیە سێ سەد کەس لە سوید و هەر زۆر زۆتریش لە زەدی باوباپیرانی. ئەوانە بەشمار بوون کە داوای گەڕانەوەی ئەم ئابووریان دەکرد. ئەوە باوکی بوو کە دەستی چووە خوێناویەوە. بەڵام ئەوە داوای گەلەک خەڵک بوو، کە خوێناوەکەی بخوڕێتەوە".

.....

پەراوێز:

1. کچانی باکۆن: تەکنیکێکی تازەی کچکوشتنە، هەر وەکو تەکنیکی پەرەمێزتەقینەوەکانی کوردستان یان بەسەردا کێتنە ناو تەنووڕەوە لە فەلەستین. ئەم شێوە تازەیە لە داهێنانی پەنابەرانی دانیشتووی سویدە. لەم شێوەیەدا کچانی بەسزمان، "هەر لەخۆوە" لە باکۆنی خانووە نهێمییەکانیانەوە دەکەونە خوارەوە و گیانیان دەردەچێت. لایەنی "ئەرێنی" ئەم داهێنانە تازەیە ئەوەیە، کە پۆلیس چەند گومانی هەبێت لەسەر ئێوەی ئەم کوشتنە پلانداڕێژراوە، بەڵام زۆر سەختە بۆی بتوانێت بیسەلمێنێت، بەپێچەوانەی کوشتنی کوردییەوە بە نموونە (ئەگەر واژەی میدیای سوید بەکار بهێنین، لەئاکامی زۆر دووبارەبوونەوەی ئەم دیاردەیە لەناو پەنابەرانی کورددا)، کە تێیدا کوشتنەکە بەئاشکرا پلانداڕێژراوە و بکوژ بەپێی خۆی دەچێت بۆ لای پۆلیس یان پۆلیس ئێو زەحمەتە دەکەشت دەچێت بۆ لای.

2. ئۆلۆف پامە (1927 ــ Olof Palme: 1968) سەرکردەیەکی سیاسی سویدی بووە، سەرکی پارتی سوسیال دێموکراتی سوید بووە لە ساڵی 1968وە. لە نێوان ساڵی 1969 ــ 1976 و 1982 تا ڕۆژی کوشتنەکەی لە ساڵی 1986دا، سەرکوەزیرانی سوید بووە. یەکێک بووە لە بەشداربوونی ناڕەزایەتی دژی کوشتاری ئەمریکا لە ڤێتنام.

یادەوەری کۆمان کۆمان گۆرانەوە – 67 -... کەریم کاکە

ئەو پیاوەی سەگ دیتیەوە و ژنی سەموونفرۆش ناسیەوە، جاشکوژ بوو، جاش کوشتی.....

67 .....

لە کۆمانی ئەودیوەی مزگەفتی حاجی لەقلەق، حەمە شێت چێتە سەر دارتڵۆ، لە سەری سەرێ قیت قیت راوەستاوە، خۆی بە هیچ نەگرتووە، نازانم چۆن بەرنابێتەوە! خەڵك دەوری دارتڵیان داوە و لێی دەپاڕێنەوە:
حەمە، حەمەی خۆمان، وەرە خوارێ، رەشەبا دەتبات، وەرە خوارێ، با بروسکە لێت نەدات، زۆر نزیکی لە هەورێ، پیاوی چاك بە، بەو سەرمایە کەس تینی گۆڵدانی نیە.
حەمە شێت دەڵێ:
بە سەری حاجی لەقلەقێ نایەمە خوارێ، بێزارم ، لە قەیسەری، لە شێخی چۆلی، لە خۆتان بێزارم..
گومم لێیە دەڕۆن:
چاوەڕێی هاتنەوەی حاجی لەقلەقە، بێتەوە و دەست بە باڵیەوە بگرێ و بفڕێ.
لەهیکەوە بووە چەپڵە و هۆ هۆ، حەمە شێتە و نیشتەوە سەر زەوی و نەفڕی.
خەونەکەم گۆڕایەوە، نازانم لە زاری کێوە گەیشتە زاری مەستانی ژنی حەمەد مەستان، ئەو ژنە خەونزان بوو، خەونی گەرەکی لێکدەدایەوە، بۆ خەونەکەی من گوتبووی:
حەمە شێت دوو سێ ساڵیتریش دەژی.
ئەو مەستانە خەونزانە، لە خەونی هەموو کەسی دەزانی، بەڵام سەرەدەری لە خەونی حەمەد مەستانی مێردی دەرنەدەکرد، دەیگێ:
خەونی حەمەد لە خەونی بنیادەمان ناچێ، توخوا ئەوە خەونە! لە کەندووی ئاردێ عارەق بخۆیتەوە و ئیمامی عەلیش بە دەستی خۆی لیمێت لێ بگوشێ و بە زارتەوە کات! حەمەد خەونی ئەوها دەبینێ.
زاوەر، خۆزی زاوەرم وا نەدیتبا، زاوەری حەفتەی پێشی لە زاوەری پاشی ناچێ، بۆ وا شواوە؟ لە چاوی منەوە دار و دیواری رەنگیان پێوە نەماوە، زەنگەکەشی دەنگی جارانی نیە،، وەك بڕی نووساوە، لە

دەنگی بەردەستەکە دەچێ ، جگە لە ئەو و یەك دووەکیدی چ مامۆستایەك تینی قسەی تێدا نیە، ئەلیاسە فەندی دەڵێی مووی گونی رادەکێشن، تووڕە تووڕە، پتی لێدەی دەتەقێ، تایەرە فەندی کە لە تەماتەی تاو نەدی دەچوو، رەش رەش هەڵگەڕاوە و لە باینجان دەچێ، جەودەتە فەندی پێشتر لە دارتێل قیتتر رادەوەستا، هەنکە کەمێ لار بێتەوە، شەرکێ فەندی قاپی شێلمی بە دەستەوە نیە، دەستەکانی خستوونەتە بەکی پانتێەوە و چاوی لە ساپیتە بێیوە و لێیناکاتەوە، مامۆستا حەمە سالح نە سەلام لە کەس دەکات نە وەردەگرێتەوە، تایەرە فەندیی وەرزش، پێکەنینی بیرچێتەوە، مۆمۆچ، چاوی تێبڕی وەرتدەگەڕێتێ، کێ پێدەکەنێ، جگە لە حەسەنە فەندی و سالحەکەیدی و ئەو مامۆستایەی لە سەر تی نەبا، راستەی رانەدەوەشاند.
زۆەر کوا زۆەری پێشانە، زۆەر وا نەبوو، زۆەری پێشان چوو، نە سروودی لێدەبیستی، نە سۆەو مۆەو و دایە دایەی شیرینم، زۆەر زۆەر نیە، پێل تەنگە وەك بێی وێکهاتبێەوە و جێمان نەبێتەوە، تارە، وەك ئەوەی هەوری رەشی هێنابێ و دایکردبێتە رێژنە بارانێ و کارەباش کوژابێتەوە، پێلی لە دیدی منەوە تەنگو تارە، کتومت لە گێی ناو گێرانیەکەی خورشید دەچێ، مامۆستای راستەی درێژ لە دەست کە لە سەر تی نەبێ، نایوەشێنێ، دەڵێ:
کێ گێرانیەك دەڵێ؟
کەس دەست بەرزناکاتەوە، کەس شتێ ناڵێ، مامۆستا چاو دەگێرێ، خورشید هەڵدەستێنێ و پێیدەڵێ کە گێرانیەکەی خێی بێتەوە، گێرانیەکەی وی (هەولێر پشتی چیایە) بوو، هەر ئەوەی دەزانی، لە جیاتی ئەی رەقیب و ئەی شەهیدانیش هەولێر پشتی چیایە و ناوەراستی قەڵایەی دەگێتەوە، هەستا، گێتیە مامۆستا:
گێرانیەیکیدی دەڵێم، گێتی:
فاتێ مەگری مەگری
وێکڕا بچینە قەبری
قەبر تەنگو تارە
پێ لە مشك و مارە
مشك و مار حەزیایە
خێی لە کونێ نایە
حەزیا هووکە هووکە
بردیان جێتە بووکە
جێتە بووکی میری
بردیان لێ یەخسیری..
گێرانیەکەی تەوانەکردبوو، مامۆستای دەنگ گەورە کە بەرێ خێی دابووە پەنجەرە، ئاوێی لێدایەوە و گێتی:

دانیشه زرته زەلام، عەمری خۆت و گۆرانیت نەمێنێ.
پاڵ لە دیدی منەوە گۆڕی ناو گۆرانیەکە بوو، تەنگوتار، (ش) دەست هەڵدەبڕێ:
مامۆستا، ئەمن بڕۆم
مامۆستا:
ئەتووش گۆرانی دەزانی؟!
ئەو کوێە نە لەگۆڕەپانی راوەستانێ، نە لە ناو پاڵێ ستڕانی نەچڕیبوو، لە بەر خۆیەوە دەیگوت، من بیستبووم، دەنگی لە دەنگی من ناخۆشتر بوو، هەر کێ گوێی لە دەنگی با، ئەگەر ڕێی هەڵاتن هەبا، دانە ڕۆژەك لێی دوور دەکەوتەوە، چووە پێش تەختەرەش و دۆخینەکەی کە بە سەر گونیدا شۆڕبۆوە، خستیەوە ناو شەروالەکەیك ئحم ئحم، وا قوڕگی خاوێندەکاتەوە، لە قورگی نەبڕاوە، زەنگی دەرێ لێیدا، دوایی دەیگۆ:
بە فەخری عالەم، دەموێست(پێشمەرگەی بە هەمەتین) بڕۆم.
قسەیەکیدی ئەوکوێەم بیرکەوتەوە، لە ئاودەستێ دەهاتەوە، دۆخین بە دەستەوە، دەیبەستەوە:
کەریم، ئازاد ڕەوفم دیت، سبەی دێتەوە مەکتەب، هەتیم با ئەوەشت پێبڵێم، دنیا خراپ تێکچووە، ئاگامان لە خۆمان نەبێ، عارەب سوارمان دەبن..
بە سواربوونی عەرەب زۆر تێکچووم، تام هاتێ، قسەکانی پیری سوارچاکانم بیرکەوتەوە کە لە بارەی عەرەبەوە دەیکردن، لێ هەواڵی هاتنەوەی ئازاد شنەی بەهاری بوو، فێنکی کردمەوە، هەرچەندە زۆر باوەڕم پێنەکرد، گوتم ڕەنگە هەر لێ فشە وا بێ، سبەی ئازاد هاتەوە، قسەی کوێە ڕاست دەرچوو، لە تەنیشت یەك دانیشتینەوە، لە دڵی خۆم دەمگوت:
خودایە، قسەکەیتری وەڕاست نەگەڵێ و عارەب سوارمان نەبن.
بە هاتنەوەی ئازاد گەشامەوە، پاڵ لە گۆڕەوە گۆڕا بێ گۆڕایی، گۆڕاییەکی کەسك، وەك گۆڕاییەکەی پێش ماڵی خۆیان، ئازاد ماڵیان نزیکبۆوە، هاتنە سەر ڕێی قوتابخانە، لە هاتنێ لە سەر دەرگا چاوەڕێی دەکردم، لە چوونەوە تا سەر دەرگا پێکەوە بووین، ماڵیان لە نزیك دیواری خانەی مامۆستایان، پێشتر دوور بوو، لەو سەری بەلاشاوەی قوڕ، هەوکە لە نزیك ماڵی ئەو کچەی...
ئێستا بەلاشاوە یەك بەلاشاوەیە و گەورەیە، لێرەوە ماڵی ئازاد دوا ماڵە، بەلاشاوە تا بن مزگەفتەکەی دەرۆش برایم، پێش چەند ڕۆژێ حەوشەی مزگەفت پێبوو لە پیاوی لەش تۆزاوی، سەر و ریش هاتوو، ڕوومەت تێکقوپاوی پڕاو دڵاو، چەند پۆلیسکیش بە دەوریانەوە بوون.

لە سەری ئەو سەرەوە بەلاشاوە وا بە سەر بەستەکەی گێکەندەوە، ئەو بەستەی لە زستانان و بەهاران فوراتێك ئاوی دەژاندە شارەوە، ئەو کەندە وەختایەك ناوی ببووە کەندی خۆن، ئاخر چ کەندێ هێندەی ئەو کەندە خوێنی لێ نەژاوە، خوێنی پشمەرگە، خوێنی جاش و سەرباز..
بە دەستی خوارێ بەلاشاوە گەیشتێتە نزیك ئاوبارەکەی حەسەناغا، ئەو ئاوبارەی پشان لە دوورەوە بەلاشاوەی ئاودەدا، بیر زۆر دوور بوو، لە حەسارەکەوە بۆنی نەدەگەیشتێ، بەوە دەزانم ئەکرەم بۆنێ لە سەردەمی بۆنێ لە حەسەناغا تووێە دەبێ، تووێەبوونەکە لە سەر ئاو بوو، ئاوی بەرنەدەداوە، ئەکرەم سێرە لە ئاوبار دەگرێ، دەڵێ:
دەزانم ناگاتێ، بەڵام هەر خشە پێوەی نێم.
لەو رۆژانە حەسەناغا بە چاوی دادابێوە، بە تەوسەوە:
ئەو جارە ئەگەر ئاوم لە سەرت بێی، بەردەقانیم تێدەگری!
بەلاشاوە بە دیوی رۆژهەاتەوە هەر لە جێی خۆیەتی، دوا کێان کێانی ماڵی دێوانە محەمەدی گێرینە، لەوێوە جێت دارتێلان هێندە دوور نیە، بەردەقانی دەگاتێ، لە ناو جێ و گەنمی بن ئەو دارتێانە کە بەژنێ بەژنی کردووە، پش چەند رۆژێ تەرمێ دێزرایەوە، بە چەقێ کووژرابوو، کەس نەیناسی، پلیس هاتن و بردیان.
بەلاشاوە لە کەرخی موفتیەوە لە ماڵی ئێمەوە دەستپێدەکات، نێوانمان بەستی بەلاشاوە و رێیەکی پانی زستان قوڵاوی و هاوین خێاوی، ئەو رێیە لە شەستمەتریەوە تەریب لەگەێ بەستا دێ دێ، لە راستی دارتێلی یاد کەمێك لە بەست دوور دەکەوێتەوە و بە تەنیشت سەید مارفدا دەگاتە باداوە و لەوێ هێند تەسکدەبێتەوە بزر دەبێ.
رێی بەرین تژیە لە یادەوەری تاێ و شیرین، لەوێ بوو مەلای دێزەخێ گێچەڵی بە حەمەد مەستان کرد، شانی راتەکاند:
حەمەد، واز لە گوو خواردنەوە بێنە، دەنا لە گەێەك جێت نابێتەوە.
حەمەد پێدەکەنێ و دەڵێ:
مەلا، ناتوانم وازی لێبێنم، چوونکە بێی نووسیوم.
مەلا لە پاسەوانی دێزەخ تووێەتر:
چ دختێرێکی تەرەس بێی نووسیوی؟
حەمەد مەستان لە مەلاش تووێەتر:
مەلا، زوو بێ گووم خوارد، گووی سە و بەراز نا، هی حەمەد مەستانم خوارد، ئەتو نازانی ئەوەی بێی نووسیوم کە بخێمەوە خودای سەر سەرانە، دەی تێبە بکە و بە لەپ گووی من بخێ.
مەلا و مەستان پیس تێکدەگیرێن، منداڵە ورتکە لێیان خێدەبنەوە، کچەکەی حەمەد مەستان خێکە بەردێکی دەستداوەتێ، دەڵێتە بابی:
بابە لێیدەم، قوونەجێرەی مەلا بشکێنم؟
بابی دەڵێ:

کچم، لێیمەدە، دوورکەوە، بۆ خۆمی لێگەڕێ.
کچە بە قسەی بابی ناکات، هەر دێتت رایەوەشاندە مەلا، لەو دەمە فاتە کوردە بە سەردا دێ، ئەو ژنە زۆر سەنگینە، گەڕەك شەرمی لێدەکات، کاتێ بە کن کەمەڵە زەلامێکدا ڕەت دەبێت و سەلام دەکات، زۆریان لە بەری هەڵدەستنەوە، دەڵێتە مەلا:
ئەڕێ بە من بڵێ، ئەوە کێ پفی داوی؟ بۆچی لەو پیاوەت هەڵکێشاوە؟
مەلا مۆزەرەکەی سەری ڕێکدەخاتەوە و دەڵێ:
جگە لە خودای باری تەعالێ کەس پفی نەداوم و بە قسەی کەس ناکەم، شەڕی من لە ڕێی خودایە، بۆ خودایە.
فاتە کوردە بە کاوەخۆ دەڵێ:
مەلا ئەگەر لێ خودا شەڕدەکەی، بڵێ شەڕی حوکمەت، ئەو دەدزێ و دەگرێ و دەکوژێ و دەبڵێ، لە قاچپەخانەش عارەق دەخواتەوە، خۆ حەمەد لەو شتانە دووڕە، لە ماڵی خێی عارەق دەخواتەوە، واز لە حەمەدی بێنە.
مەلا کەمێ هەوردەبێتەوە، بۆ ڕەوادان بە شەڕەکەی لەگەڵ حەمەد مەستان، ئایەت و فەرموودان دەهێنێتەوە، فاتە کوردە دەڵێ:
مەلا بڵێ لە مزگەفتێوە ئەو قسانەی خودا و پێغەمبەر بە گوێی حوکمەتدا بدە، ئەو عارەبی باش دەزانێ، بڵێ، بەڕێکی ئەو حەمەدە بەردە، دەنا منداڵە ورتەکەی بەلاشاوەت بە دوو دڕخم و لە چ مزگەفتەك جێت نەبێتەوە.
مەلا نەرمی دەکێشێ و باریکەی دەداتێ و دەخشێ، چیدی لە نزیك ماڵی حەمەد مەستان نەمدیتەوە.
هەر لە سەر ئەو ڕێیە، دارتاڵێ دوو خوارتر لە ماڵی فاتە کوردە، چەند دارتاڵێ وەوەتر لە ماڵی یەکەمین جاشی بەلاشاوە، نزیك ئەو جێیەی کە بە سەر کەندەڵکی گەورەدا دەکەوێت و هەندەك هەوەتر کەند کەمێك پێچەکاتەوە، دوا ریزە ماڵی بەلاشاوەی ڕوو لە سەیداوە، بنە دارە تازە هەڵچووەکانی پێش دەرکەیان دەردەکەوێ، لەوێ، لەو سەر ڕێیە خوێنکی زۆر ڕژاوە، گایەکیش بکوژیەوە هەر هێندە خوێنەی لێدێ، کاك حووج دەڵێ:
خوێنەکە زۆر تازەیە، ئەو خوێنە لە کێ ڕژابێ، ئەگەر سەریش بڕابێ، لەوەیە هێشتا گیانی لە بەردا مابێ.
ڕژ تازە لە زوورگ و بانیەکانی کەسنەزانێ، گزنگی داوەتە قەراتێ، کاك حووج بە دیار خوێنەوە ڕاوەستاوە، بە دەوری خێیدا چاو دەگێڕێ، نزیك دوور، کەس دیار نیە لەو ناوە، کاك حووج بە ڕێچکەی خوێندا دەچێ و سەر بەسەر کەندێ و ئاودێەکەشدا دەگرێ، چ نادینێ، دڕەنگ سەگەکەی ماڵی سەموونفرەشەکە لە ڕێی حەو حەو و بڵێ و بگەڕێوە و بڵێن بە عەردەوە کردن و لموووز بۆ ئاسمان هەڵبڕین گەڕەك ئاگادار دەکاتەوە کە پیاوێکی خوێناوی وا لە ناو ئاودێەکە کەوتووە.

ئەو پیاوەی سەگ دیتیەوە کێیە؟ کەسێ دەیناسێتەوە؟ منیش گەیشتمە سەر خوێنی رژاو بەڕام کابرام نەدی، خەڵك دەڕژن وەك لە گۆمی خوێن هەڵکێشرابێ وایە، جێپەنجەیێ لە لەش و جلکوبەرگیەوە نابینیەوە خوێنی پێوەنەبێ، گەڕەك لە دەوری پیاوی لە خوێن گەوزیو خەبێتەوە، گوتم لێیە دەڕژن:
ژنی سەموونفرێش ناسیەوە، ئەوە جاشکوژە.
ئەو پیاوەی سەگ دیتیەوە، ژنی سەموونفرێش ناسیەوە، خزمی نزیکیان بوو، ئەو جاشکوژە لەمێژ نەبوو لە سەرێ هاتبێوە، ئەو سەرێیەی بە سەر هەموواندا رووخا، ئەو پیاوە کە لە هەندێ جێ بە جاشکوژ ناوی دەهات، پێش چەند ساڵێ نازانم لە چ شەڕێ دوو سێ جاش دەکوژێ، یان بە ملی ویدا دێ، لەوەشەوە جاشکوژی بە سەردا دەبڕێ، کەسوکاری جاش دیارە دەمێکە بە دوویەوەن، بەو سبەینێ زووە تێڵە دەکەنەوە و لە خوێنی دەگەوزێنن، پێدەچێ جاشکوژ بە نیازی کار بەو سپێدەیە لە ماڵ دەرچووبێ، ڕێی مەیدانی کرێکارانی بن قەراتێی گرتبێ ، ترومبێلی پۆلیس هات و تەرمی جاشکوژیان برد.
ئەو ڕێیە پر کێسپ و کەندولەندە، ئەو کەندە تژی لە وردە بەردە، تژین لە چیرێك و سەربردە، لێرە هێندەی وردە چەو و شوێنپێی ڕێبواران سەرهاتم لە سەرە، بگێڕمەوە بنی نایە، وەك گلێڕەی مووی داوە پنچکی ژنی کاك حووج وایە، ئەو ژنە هەر هێندەی پنچکە گیایەك دەبوو، بەڵام ئەو گلێڕە مووانەی لە تەشیەکەی دەستیەوە کە شتێك لە بەژنی خێی کورتترە، دەکەونە گێڕ، سەریان لێرە بنیان بێ کێتایە، گلێڕەی وا گەورە لە دەستی چ ژنەك نایە، هێندەی گومبەدی مزگەفتێ دەبێ، وەبیرمدێ پیسێ، ئەو کۆەی لە گەڕەکێ بە چێمشێ ناوی ڕێیشتبوو، گلێڕەی لە داوە پنچك دزی، لە پێش چاوی من لێی دزی، ئەو ئاگای لێنەبوو، منیش چ قسەم نەکرد، باش بوو قسەم نەکرد، قسەم کردبا ئەو گەمە خێشەم نەدەدی، ئەوەتا دز سەری گلێڕە مووی لە دارتێلەکەی ئەو بەری کەندێ، داتێلی یاد گرێدا و بانگرێزی کردەوە، ڕێ و ڕێ، دەو کەند و کەند غلێربێوە، منداڵ کەوتنە دووی گلێڕە موو، لە هەر جێ ڕاوەستابا، بە شاپێ دەکەوتەوە ڕێ، من وا بزانم جارێکم بەر کەوت شاپێکی لێبدەم، غاردە غاردە، ڕێ و ڕێ، دەو کەند و کەند غاردە، بە دوای گلێڕەی موو ڕێمان دەبڕی، وا گەیشتینە جادەی شەستمەتەری، نزیك چاخانەکەی خدر یابە، گلێڕە موو زێری ماوە، بە قسەی کۆەکەی فاتە کوردە بێ، دەبێ بگاتە بن قەراتێ، دەیگێ:
دەی مەوەستن، با غلێری بکەینەوە..
لە شەستمەتری پەیینەوە، نەگەیشتبووینە پێش ماڵی مامە حووە و دایکە مەنیج، حەمکە منداڵێ بە چەقۆوە لە پێشمان قیتبوونەوە،

هەڵ، دوو پەمان هەبوو، چوارمان قەرد کرد، ئاگام لە وان نیە، من لە سەر تخووب، نزیك یەکەم ریزە ماڵی بەلاشاوە گیرام، ئەرە تخووبی نەوان سەیداوە و بەلاشاوەیە، سێ چوارەك وەرگەڕانە سەرم، باشیان تێهەڵدام، کچەکەی پلکە بەندبڕ نەگەیشتبا، دەیانکوشتم، نەشمردبام، نیوە مردوو دەبووم، گۆڕ، عەمرم گۆڕ، خدری زندەی من، ئا لەو ساتە گۆڕی کچی پلکە بەندبڕ بێ من بووە خدری زندە، چەقێی دەرهێنا، ئەو کچە جوانی کوانەی دەدا، چەقێی لێ هەڵکێشان:
خوشك حیزینە، ئەوە لە کێ دەدەن، لێم راوەستن.
هەر یەکەی بە لایەکدا هەڵات، دیار بوو دەیاننناسی و دەیانزانی چەقەکێشە و لە کەسیش ناترسێ، ئەو کچە چ کوڕ نەبوو لێی نەترسێ، چەقێی وای دەوەشاند سابیر ساروخ وای نەوەشاندووە، وا بزانم تاکە چەقەکێشی گەرەك و شار بوو، لەبیرمە گوتی:
کوڕەکەی پلکە بەسێ، بە بێ چەقێ لە بەلاشاوە دەرمەچێ.
دیارە من لە کێردەکەی دەستی ژنە جوانە شەلەکەوە خولیای چەقێ لە سەرم گەڕا، بەڵام چەقێی ناو بەکی کەوڵی کچەکەی پلکە شایەر وەك بڵێی چەقێی خستە بەکمەوە، ئێ، جارێ لە چەقێ گەڕێ، لە ڕێی پێ سەرهاتیش دوورەکەومەوە و لەگەڵ چەمشێڕ دەچینە کن دەوی دەوڵ..
بەلاشاوە بەو دیو، دیوی نەوان گەکەند و ئاوبارەکەی حەسەناغا، ڕەك لە پشت ماڵی مەلارەکەوە لە دەوی دەو نزیکدەبۆوە، جێی دەوی دەو پاشترێ و لە دەورانەك بووە گەرەکی میری پێداوان، بە ڕەوە بەعسیی نەخوێندەوار و بێوانامەدار لێیان داکوتا، کۆلیژی ئەدەبیاتیشیان لەوێ پەستا، دنیا دەوران دەورانی کرد و لە دەورانکیدی بووە جێ هەواری عەزیز محەمەدی خاوەندی خەڵاتی لینین، ئا، دەوی دەو کەوتبووە ئەوێ، چوار دەوری دەوی دەو گردۆلکەیە، خەڵك بە لچ و لۆی دەوی دەو ناوی دێنن، بەهاران لە دوورەوە کەسکدەچێتەوە، جێ جێی یەك پارچە گوڵاڵە سوورەیە، جێی سەیرانە، بەڵام لە ترسی دەوی دەوێ گەورەکان ناهێلن منداڵ هێندە لێی نزیکببنەوە، دەوی دەو قووڵە، هێند قووڵ بێ بنە، هەندێك دەڵێن:
دەوی دەو لەو دیوی زەویەوە کوناودەرە.
هێشتا باوەڕم بە خێبوونی زەوی نەهێنابوو، بۆیە گومانم لە کوناودەریەکە هەبوو، کاتێ لە سەر لێوی دەوی دەوەوە بەردکی زلمان فڕێدەدایە ناو زاری دەو، هەستمان ڕادەگرت، دوای بەینێك گومان لە شلپەیەك لە دەنگکی نازانم چۆن دەبوو.
دەوی دەو بیرکی زار گەورەی تا خودا حەزبکات قووڵە، دەمگوت باشە ئەو بیرە دەبێت چۆن لێدرابێ! بە دەست، وەك ئەو بیرەی پیری سوارچاکان کە بەردی پیرۆزی تێدا دیتەوە، نا، نابێ کاری دەست بێ، کەس نەیوێراوە پێ بخاتە ناویەوە، ئەو بیرەی هەندێك دەیانگوت:

بنی ئەگەر نەشگەیشتبێتە ئەو پەی گی زەوی، بێ یەکوودوو لە نیوەی تێپەاندووە.
دواتر دەمەوە دیار دەوی دێو، هەوکە هێندە لە سەری نامم تەنێ سەربردەی چەمشێ و کەرەکە دەگەمەوە، چەمشێ ئەو کوەی نە دەیزانی کەپووی بسێ، نە فن بکات، لە هەردوو کونەکەپوویەوە هەمیشە شێبوونەوە و هەرلووشینەوەیە، ماڵیان کەوتبووە پەگەی بەلاشاوە بە لای ماڵی عەلیە فەندیی ناو تەلەقزیێن، دیارە دواتر ئەو گەەکە جوانە گچکەیە لە نێوان بەلاشاوە و ئیسکان و موفتی قیتبەوە و منداێ ناویان نا گەەکی عەلیە فەندی، هەندەکیش بە ئیمزاوە ناویان دێنا، ئەوەش لەوە هاتبوو، گوایە ئەو کەسانەی ئەوێیان بەردەکەوت، دەبوو واژیەك بێ حوکمەت بکەن، پاشترێ رم بە ئیمزاوە دەکەوتەوە.
ئێ، ئەو کوە نازانم لە سەر چی لە کەرك تووە دەبێ، سێ چوار چەقی لێدەدات، بەام هشتا دێی داناکەوت، لەبیرمبت عەباسی ماێ لە خوار ماڵی حەمەد مەستان گوتبووی:
ئەو کەرە بە کەر ترسی خی لە چەقێ وەشاندن دەشکێنێ.
دواتر عەباسم بیربخەنەوە، باشە، چەمشێ لە کەر بە رقداچووە، چاوم لیە وا لە سەر گردلکەی لوی دێو کەرە بریندارەکە کە جێ چەقی وی پەوە دیارە، رادەکشێ، کەر لە دووی ناچێ، باشە ئەو کوە چی لەو کەرە دەوێ؟
من لەو دیوەی دەوی دیوەوە راوەستاوم، ئەو و کەر لە دیوەکەیدی، تەماشادەکەم جەمەدانیەکەی لە ملی خی کردەوە، چەمشێ زستان و هاوین جەمەدانیی لە مل دەئالاند، توند هەردوو پی پشەوە(دەست)ی کەری بەست، کەر بە دیوی لژی، دیوی دەوی دێو کەوت، چەمشێ کلکی کەری بە دەستەوە، ئای، ئەوە چ دەکات! تێگەیشتم چی لە بن سەرە، ویستم بە دەوری دەو بسووەمەوە، لەو دەمە مەلارکیش نازانم لە کوەوە پەیدابوو، بەام پەانەگەیشت و دێو کەری قووتدا، مەلارك ئەو کوەی لە دنیایێ کەسم نەدی هێندەی وی کەردست، پشتی ملی چلمشەی گرت و دایە بەر شاپان، لەگەێ هەر شاپێ بە بەژنی خی لە عەرد بێندەبەوە و زیەی دەگەیشتە ئاسمانێ، مەلارك سەری بە سەر دەوی دێودا داگرتووە، منیش هەستمراگرتووە، گوم بە لوی دێوەوە ناوە، کەر زەیەك ، مشەیەکی نایە، کەر رێی کەوتە ناو زگی ئەو زەویەی بیستبووم خێ خێ نا، مەیلە و خە، کەمەك لەو هلکەیە دەچێ کە پتر داویەتیە خەکی نەك درژووکانی.
بەنگێ بەم، مەلارك واز لە چەمشێ ناهێنێ، دوو سێ جارێ هاتەسەری بە دوای کەرەکەدا بینرێ، نازانم لە چی پەشیماندەبەوە، چەند جار رووی لە من کرد:

به من بڵێ چ لەو قوونده‌ربابه بکەم؟
من قسەم نه‌ده‌کرد، دواجار گوتم:
گوناحه، لێیگەڕێ.
مەلارێك:
گوناحه! ئەو که‌ری که‌ربابه گوناحه!
مەلارێك چی لێبکات باشه، ده‌بینم، دڵخینی چەمشێڵی کرده‌وه و له شەرواڵه‌که‌ی ده‌رکەشا، ئای، به ته‌مای چیه، به دڵخینی خۆی هەردوو ده‌ستی له پشته‌وه به‌ست، نافه‌کی شەرواڵه‌که‌شی له دوو سێ جێ لوولدا و گرێدا و نه‌یهێشت قوونی بکەوێته گڕێ، پێیگوت:
ئەوجا بڵێ ماڵێ، به داکه حیز و بابه ته‌ره‌سه‌که‌ت بڵێ: مەلارێك وای لێ‌کردم.
چلمشێڵ به ده‌ستی به‌ستراوه‌وه له رێیێ له من خۆشتر ده‌ڵێیی، گوتی:
کوڕه به قوربانت بم، ده‌ستم بکەوه، با خەڵك نه‌مبینن.
گوتم:
راوه‌سته، با له مەلارێك بزربین، هەینێ ده‌تکەمەوه.
فازیل ڕەحانەمان تووش بوو، ده‌ستی کرده‌وه و به داروچکه‌یەك دڵخینمان بۆی تەهەکەشاوه.
بەر له هاتنی پشووی هاوینه‌ی ساڵی به‌دیووم، شتێ له زەوەر ده‌گەڕێمەوه، ئەی! دیسان حەمە شێت هاته پێشم و کەمێ دره‌نگ ده‌گەمەوه زەوەر.

فرێید/ لاکان فانتازیای وێناکردنی دوو باوك ... عەبدولموته‌ییب عەبدوڵڵا

"مرۆڤ ده‌بێ له ژیاندا بێ مانای بوونی خۆی بگەڕێت" ...

ره‌نگه ئەو ناونیشانه‌ی سەره‌وه له رووه ئاشکراکه‌یدا فرێید و لاکان وەك دوو باوکی ده‌روونشیکاری وێنه بکات، بەڵام چاوتێبڕینی ئەو نوسینه لەوێدا نییه، له دوولایه‌نی باوك به واته فرێدییه‌که و له فانتازیای وێناکردنی (باوك، منی باڵا، ڤالوس) وەك (دال) به واته

لاکانییەکەی خۆی هەڵدەگرێتەوە… بەو مانایەش چەمکی فانتازیا وەك تەکنیکەیەك لە رەگەزەکانی ئاگامەندی و نائاگامەندی دەبینین، کە دەکەوێتە نێوان دوو جەمسەری واقیع و خەیاڵ! (لە سەدە نۆزدە نائاگامەندی – Unconscious – بە شێتەوە پەیوەست دەکرا، واتە ئەو کەسەی کە ناتوانێ لە رێگای عەقڵەوە بیر بکاتەوە. فرۆید دەڵێت لە سیستمی نائاگامەندی نە رەتکردنەوە بوونی هەیە، نە پلەکانی یەقین بوونی هەیە. بەو مانایەش نائاگامەندی منداڵییە و هەمیشە لەگەڵماندایە، بەڵام بە بۆای لاکان نائاگامەندی شوێنەوارێکی ئاڵۆز و پڕ لە ژاوەژاو نییە، بەڵکو یەکێکە لە هۆکارەکانی پەیوەندیمان بە یەکترەوە، بە پێی ئەو بۆچوونە نائاگامەندی لە دەرەوەی ئێمەدایە، نەك دەروونمان) لەگەڵ فانتازیا فۆرمی ئەوە دەبین کە چۆن ئارەزوو ئەزموون بکەین، بەڵام دەبێ بزانین ئارەزوو یان (حەز) بە وردی بابەتی نییە، بەڵکو حەزکردن لە شتێکە، شتێك کە ونبووە یان (لەدەستچووە- منداڵ بە ئەزموونێکی تراژیدی ونکردن دەزینەوەدا دەڕوات، ئەو ساتەی کە دایکی لە پێش چاوی ونەبێت و دەڕوات، لەگەڵ ئەو ساتەی کە دەردەکەوێت و دەگەڕێتەوە- کورتترین چیرۆك کە بکرێ بیری لێبکرێتەوە: شتێك ون دەبێ و دواتر دەدۆزرێتەوە- چیرۆك: بریتییە لە سەرچاوەی دڵدانەوە… شتە ونبووەکان هۆکاری دڵەاوکێی ئێمەن و رەمزن بۆ هەندێ شتی لە دەستچووی نائاگامەندی و بە پێی تیۆری لاکان ئەو ونبووە جەستەی دایکە، کە چیرۆکی ژیانی ئێمە بەرەو پێشەوە دەبات و ناچارمان دەکات بە شێوەیەکی مەجازی و بۆکۆتایی بەدوای جێنشینێك بۆ ئەو بەهەشتە ونبووە بگەڕێین. دۆزینەوە شتێکە چێژ بەخش. رێشتن تەنها لەگەڵ هاتندا مانای دەبەخشێت…)

(1)

چەمکی (ئارەزوو-الرغبە) لای دەروونشیکاران مەیلی هەڵەمەکییانەی منداڵانە کە کۆمەڵگا قەدەغەی دەکات، بەمجۆرەش ئارەزوو دەچەپێنرێ… ئارەزووە تێرنەکراوەکانمان یان چەپێنراوەکانمان دەخەینە ناهۆشمەندییەوە بۆیە ئاگامان لەو واقیعە نییە، کە تێیدا دەژین. لاکان لە دووبارە دابەشکردنی فرۆیدی بۆ دەروونی مرۆڤ و کەسایەتی مرۆڤ ، لە (رەمزی و خەیاڵی و ریاڵ) دەدوێت، واتە ئەوەی فرۆید لە رووی دەروونییەوە بە (پێش ئاگامەندی) یان لە رووی کەسێتییەوە بە (سوپەر ئیگۆ) ناوی دەبات، لای لاکان رەمزییە و سیستم و یاسای رەمزی هەیە، بە رەمزکردن پێش خەیاڵی دەکەوێت، لە میانی ئەنترۆپۆلۆژیادا سیستمی رۆشنبیریی دەگەیەنێت… (ئاگامەندی) یان (ئیگۆ)ی فرۆیدی، بە خەیاڵی ناو دەبرێت (یەکەمجار کە منداڵ خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێ،

وا خەیاڵ دەکات کە ئەوە جەستەی باوکی نییە، کەواتە ئایا دەبێ خودی خۆی بێت) شوێنی خەیاڵکردن و گۆڕان و گۆڕین… دەگرێتەوە. (نائاگامەندی)ی فرێیدی یان (ئید)، لای لاکان هیچ شوێنکی نییە، تەنها لە قوڵایی مانادا نەبێت، دەرناکەوێت، واتە شوێنی بێ شوێنانە، یان هێیەکە بێ بونیادی بزر، ئەوەیە کە لاکان ناوی (ریاڵ)ی لێناوە و پێش رەمزی دەکەوێت…

(2)

ژاك لاکان ناوی (باوك) وەك تاکێکی واقیعی نابینێ، ناوی باوك دالێکە کە دووانەی (دایك/ منداڵ) لێکجیا دەکاتەوە، منداڵ ئاشنای (لەدەستدان) دەکات… بە مانا فرێیدییەکەیشی منداڵ تووشی گرێی ئێدیب دەکات (گرێی ئێدیب- لای فرێید پەیوەندی سیانەی خۆزانی –باوك و دایك و منداڵ-ە، واتە ڕکوپێککردنی پاشنەرە سێکسییەکان و چاودێریکردنی منداڵ لەلایەن باوکەوە)… بەو مانایەش کاری باوك دەبێتە هێی دروستبوونی منی باڵا، یان ڤالوسی لە دەستچوو (ڤالوس دالێکی بەتاڵە، دالی لە دەستدانە)، کەواتە لە دەرئەنجامی بە دەروونیکردنی باوك، منی باڵا دروست دەبێت، بە بێچوونی فرێید ناوی باوك بە قەدەغەکردنی سێکس لەگەڵ مەحرەمەکانەوە دەلکێ! بەڵام بە بێچوونی لاکان گرێی ئێدیب هەر تەنها لە سێ ڕەهەندی بنەڕەتی (فرێیدی) پێکنەهاتووە، بەڵکو ڕەهەندی چوارەمی هەیە، ئەویش ڕەهەندی ڕەمزییە کە ڕێگا بێ هەموو تاکێك خۆش دەکات، بارودۆخێکی ئاوگۆڕئامێز و سنوردار لەسەر ئاستی قسەکردن بێ خۆی بسازێنێ… لای لاکان باوك سیستمی ڕەمزی و پرسەی دەلالەت "ڤالوس"ییە و لە ژێر کاریگەری میتافۆری باوك و سەپاندنی یاساکانی باوکدایە. منداڵ کەسێکی دوو پارچەیە لە نێوان دوو ژیاندا ئاگامەندی و نائاگامەندی، خود و حەزە چەپێنراوەکان.. منداڵ لەبەر باوکی (لەبەر سیستمی ڕەمزی) نابێتە خاوەن، بەیە لە دالێکەوە بێ دالێکی دیکە هەنگاو دەنێ، هەر دالێك گەیەنەری دالێکی دیکەیە، ئەو دالەش درێژبوونەوەی دالێکی دیکەیە.

(3)

تیری ئیلگلتۆن دەپرسێ ئایا بە خوێندنەوەی مالارمێ دەکرێ دەوڵەتی بورژوازی لەناو ببرێت؟ بێ ڕوونکردنەوەی ئەو ڕستەیە گوتەیەکی جۆلیا کریستیڤا دەهێنمەوە کە دەڵێت: نائاگامەندی شوێنی ئەو پاشنەرانەیە کە ڕووبەڕووی شۆوە (ڕەمزییەکانی باوکایەتی، یان دەسەڵاتی باوکایەتی) دەبنەوە. بەڵام نابێ ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە نائاگامەندی هەمیشە وەك ڕووبەڕکی بێش، هەموو ڕەمزەکان تێدا

سەربەخۆیی خۆیان بە دەست دەهێنن، ئەو گوتەیە دەمانخاتە سەر بۆچوونەکەی لاکان: چۆن هۆکارەکانی پەیوەندیمان بە یەکترەوە، بە نائاگامەندیەوە دەبەستێتەوە… لە بیرمان نەچێ بەشێکی گەورەی ئیبداعی ئەدەبی نائاگایی دەینوسێتەوە.

هەبەتە دەروونشیکاری دەیسەلمێنێ کە دەسەڵاتی باوکایەتی ئایدیۆلۆژیایەکی دژە کارە… وەك دەزانین روانینی دژەکار ئەوەی حەزی لێنەکات نایبینێ و بە دیوەکەی دیکەش خۆی لە بارەی ئەو شتەی حەشاری داوە فریو دەدات! هێز لە دەست ئەودایە، بۆیە پێیوایە دەتوانێ خۆی بەو گومانەوە فریو بدات، کە ئەو شتە نابینێ! دەشێ ئەو پرسەیە بە گەوجێتی واقیعخواز ناو بەرین، بگومان دەسەڵاتی باوکایەتی ئەو دژەکارەی خۆی لە پانتایی نائاگامەندی پرسیسە دەکات، بەو مانایەش نائاگامەندی بێ دەسەڵاتی باوکایەتی شوێنی فریودان و شاردنەوەیە! هەر لە بارەی ئایدیۆلۆژیاوە ئاڵتەسێر دەڵێت پێشتر مارکسییەکان ئایدیۆلۆژیایان بە "ئاگایی درۆین" "پەیوەندی چینایەتی" دەزانی، بەڵام ئایدیۆلۆژیا هیچ پەیوەندییەکی بە کۆشەکانی ئاگاییەوە نییە، دواجار بە بۆای ئاڵتوسێر ئایدیۆلۆژیا نائاگاییە، ئەو بۆچوونەی ئاڵتوسێر بەلای لاکاندا دەچێ، بەو مانایەش ئایدیۆلۆژیا دەرخەرەوەی پەیوەندی خەیاڵی سوبێکتەکانە.

کەواتە چیرۆکی سیستەمێکی دەسەڵاتخواز و تۆتالیستی وابەستەی پەیوەندی نائاگامەندی و پشتگیری نائاگامەندی گشتی دەکات… دەمەوێ بڵێم دەسەڵات شتێك لە عەوام دەشارێتەوە، عەوامیش شتێك بە دەسەڵاتی جێگیرەوە دەبەستێتەوە، ئەوەی دەسەڵات دەیشارێتەوە حەقیقەتە، ئەوەی عەوام لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتی جێگیر پەنای دەدا خەونی خۆشبەختییە، دەسەڵات بە بیرکردنەوە لە فریودان و عەوام بە بیرکردنەوە لە خۆشبەختی دەگەنە گەوجێتی واقیعخواز، کە نە رەتکردنەوەی ستەمکاری بوونی هەبێت، نە پلەکانی بۆا بە خۆبوون بوونی هەبێت… ئەگەر نا ئەو سیستمانە زۆر بە خۆرایی لەناودەچن.

وەك گوتمان پەیوەندی دەسەڵاتی تۆتالیستی بە عەوامەوە لە رێگای وەژاندنی نائاگامەندییەوەیە! بەڵام پرسیار ئەوەیە بۆچی خەڵکی بە ئاگامەندییەوە پشتگیری ئەو جۆرە سیستمانە دەکەن؟ لێرەدا (دوو باوك) دوو لایەنی باوك، دێتە ناو بابەتەکەوە. باوکی یەکەم، باوکی گرۆی ئەدیب کە خۆی لە پەیوەندی دوولایەنەی زارك/ دایك هەدەقورتێنێ و ئەو پەیوەندییە لکهەدەوەشێنێتەوە، ئەو باوکەی کە یاساکان دەگوازێتەوە- دیماگۆجیەت بە خۆشبەختی ناوزەد دەکات-

(یاسای قەدەغەکردنی سێکس لەگەڵ مەحرەم) ئارەزووی زاڕك بۆ دایك بەسەرپێچیکردن لە یاسا دەزانێت. باوکی دووەم، باوکێکە خۆی ناخاتە سنوری هیچ یاسایەکەوە، نموونەی هێزی رەهایە، باوکێکە کە بە دەرکردنی کوڕەکان و نەیارەکانی دەست بەسەر هەموو ژنان و میراتی خێڵەکەیدا دەگرێت، باوکێکە هیچ کات پابەندی یاسا نییە. هەردوو جۆری باوکەکان لە روانگەی دەروونشیکاری لە چوارچێوەی منی باڵادا کار دەکەن.

هێز لە دەست ئەودایە، بۆگومان فریودانیش هێزی دەوێ، کەواتە دەسەڵاتخوازی هێزی خۆی لە شتێك بە دەست دەهێنێ، کە بۆ خۆیشی هەوڵی لەناوبردنی دەدات، دەسەڵاتی باوکایەتی وەك چۆن هێزی لە دەستدایە، بە رووەکەی دیکەش هێزی لە دەست دەردەچێ! دەسەڵاتی باوکایەتی چەندە دەسەڵاتخواز بێت، مەترسی هەڕەشەی دژ بە ئەو زۆتر دەبێت، کەواتە دەسەڵاتخوازی بریتییە لە پێکهاتەی فانتازیی تایبەت، کە ڕێگا بۆ بابەتی دژ بەیەکبوونەوەی خۆش دەکات!

(4)

هاملێت تراژیدیای ئارەزووە، تراژیدیای پیاوێکە کە ڕێگای ئارەزووی ونکردووە… بە بۆچوونی لاکان، هاملێت توانای پرسەگەلانی نییە، چونکە دایکی لە ناکاو هەڤژینی لەگەڵ مامیدا پێکدەهێنێت. بەو مانایەش دایك (- objectئەو شتەی کە منداڵ ئارەزووی دەکات) یان بابەتە لە دەستچووەکەی بە بابەتێکی دیکە گۆیوەتەوە، پێش ئەوەی هاملێت بتوانێت ئارەزووی خۆی ڕابگرێت و سەرنجی کەسی دیکە بدات. هاملێت لەبەر ئەوە ناتوانێ پرسە دابنێت، چونکە دەبێتە هۆکاری جولاندنی ئارەزووی دایك. فرۆید دەڵێت لەو حاڵەتەدا پرسەگەلان دەگۆڕێت بۆ مالینکۆلیا (melancholia) یان ڕەشبینی… فرۆید جیاوازی گرنگ لە نێوان پرسەگەلان و ڕەشبینی دادەنێت، پرسەگەلان شتێکی هیچ و بەتاڵە، بەڵام لە مالینکۆلیادا (من- Ego) ئەو دڵخە بەتاڵەی هەیە.

(5)

بە هاتنەناوەوەی ناوی باوك زاڕك لە جیهانە زاڕکییە بەرفرەوانەکەی فۆدەدرێتە ناو جیهانی سیمبولی، گرێی ئۆدیبیش یەکێکە لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەو تێپەڕینەی زاڕك کە لە ئاستی خەیاڵییەوە دەچێتە ناو ئاستی سیمبولی-ل76. ئەو ڕستانەی وەرگەڕی کوردی (غەریبە حوسێن) لە کتێبی (ژاك لاکان، نوسینی شێن هۆمەر، دەزگای ڕاسا، لە 2017 چاپی کردووە) بەشێك لە هەستی متمانەیی بە خوێنەر دەبەخشێت و بەگەی حاڵیبوون دەجوڵێنێ، بەڵام

دەشێ ئەو تێگەیشتنە لە سەرچاوەکەی جیا بکەینەوە، یان کێی کتێبە بە نرخەکەی لاکانناس (شێن هەمەر) بەو بەگە ساکارانەوە پەیوەست نەکەین، چونکە بێ گەیانەوەی سەرچاوەی حاییبوون خوێنەر پێویستی بە خوێندنەوەی کێی کتێبەکەیە، دواجار ئەو تێگەیشتنە بێ خوێنەر و ئاستی خوێندنەوە و ئاسێی چاوەوانی خوێنەر و پانتایی کەمخوێنی ڕۆشنبیریی کوردی دەگەڕێتەوە، (وەك هەندرێن لە پێشەکی ئەو کتێبە قسەی لەو هەژاریییە کردووە) بەڵام ئەوەی منی خوێنەر لەو چەند دێرە ئاماژەی بێ دەکەم، هەر تەنها دەستخۆشیکردن لە وەرگێڕی کوردی نییە، بەڵکو لەلایەکی دیکەش فرە بەکارهێنانی چەمکی (سێبژە و ئێبژە- بەکارهێنانی وشەی حەز لە بری رغبەی عەرەبی کە لە زمانی کوردی بە زۆری وشەی ئارەزووی بێ بەکار دەهێنرێت، بەکارهێنانی زاراوەی –کمون- وەك چۆن لە زمانی عەرەبییەوە هاتووە، بەکارهێنانی دەستەواژەی هێدمەی دەروونی، کە لە کوردی زەبری دەروونی بێ بەکار هاتووە، پەرتووك لە بری کتێب...هتد) هەموو ئەو زاراوە و چەمکانە ئەگەرچی بەدحاییبوون ناسەپێنێ، بەڵام هێنانەوەی هێکارێکی شیاوی دەوێت، وەك چۆن ئاگایی و چاوپێداخشانەوەیشی پێویستە.

هێوستی کۆمۆنیستی سێبارێت بە سەربەخۆیی و پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی -۲ ... سامان کەریم

بەشی دووەم .....

لەم بەشەدا کە دوا بەشی ئەم باسەیە. پێش چوونە ناو باسکەوە دوو تەوەرەی گرنگ پێویستە ئاماژەیان پێبکرێت. یەکەمیان: بەهەی لاوازی بزووتنەوەی چینایەتی کرێکار و بزووتنەوەی کۆمۆنیستی و حزبەکانیەوە، هەموو مەسائیلێ سیاسی یێ گرینگکانی کۆمەڵگا کە هێومان تێدەکات، تەواوی کەسپ و گرۆگێڕەکانی کۆمۆنیزم جارێکی دیکە دەنێتەوە ژێر زەبین و باسەوە... باسکانی جەنگی دژی تیرۆر، جەنگ لە موسڵ ، وە باسی هێفراندەم و سەربەخۆیی لە ماوەی سێ ساڵی هابووددا لە نێو بزووتنەوەکەماندا جێگای گفتوگۆ و چالنجی گرینگ

بوون... بە نموونە ئەستا داعش لە موسڵ ڕزگاری بووە "نەک موسڵ ڕزگار کراوە" لەمبارەوە ئایا ئاوەدانووێک پێویست نیە لە سیاسەتە سمیەکانی نەو ئەم بزووتنەوەیە؟!. بە باسی سەربەخێیی لە هەوانگەی منەوە کەسپی سەرەکی ئەوانیە ، کە باسکی گەرممان هەیە و هەوەستی جیاواز هەیە، بەکو باسی سەرەکی و ناوەرکی ئەم باسە لە بناغەوە هەڵدەگەیتەوە بە لاوازی بزووتنەوە و حزبی ئەمە لە کوردوستان، هەڵدەگەرێتەوە بە نەبوونی سیاسەت و ئیستراتیژ و قیبلە نمای کەمانیستی. سیاسەتی دژی تیرەرمان چی لێکرد؟! ئەی هەنگاوەکانی جەنگی موسڵ کوان؟! بەهەرحاڵ تا ئەم مەسائیلانە لە هەوانگەی کەمانستیەوە وەڵام وەرنەگرنەوە.. هەزار ڕیفراندەم بێت و بڕاوت، لەگەڵی بین یان نا، ئەمە لاواز تر دەبین.

